## شةهيدانى بزاظى رزطاريخوازى كوردستان

# شةهيدى نةمر شاسوار جةلال و بيرةوةرييةك

جەلال دەباغ



وابوو بەباو هەر حزبەو، ئەندامەکانیشی لەسەر شەهیدانی حزبەکەی خۆیان بنووسن، ئەگەرچی ئەو شەهیدانە گەورە تێکۆشەرو رابەرو پیاوی دڵسۆزی گەلو نیشتمان بن و لەسنوری حزبەکەی خۆیان تێپەڕاندبێ و بووبنە شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستان. من لێرەدا دەمەوێ لەم نەریتە تێپەڕ بکەمو لەسەر گەورە شەهیدێکی دیارو ناسراو بنووسم کـــــە هاوڕێ –شاسوار جەلال–ەو بە –ئارام– ناسراوە.

زۆر لەسەر باسی ئەم شەهیدەو رۆڵی لەدامەزراندنو خەباتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانداو، لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا گوتراوەو نووسراوە،

بەڵام هەندێ وورده سەرەنجی تایبەتیو بیرەوەریم هەن کە لێرەدا بەکورتی دەیانخەمە بەرچاو..

دەمێك بوو لەگەڵ ئەم تێکۆشەره دوور بەدوور یەکترمان دەناسی، تا لەکۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بەسەر پەرشتی شەهیدی نەمر سەیدا سالح یوسفیو نوێنەرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتیی کوردستان بە دیداری یەکتر گەیشتین. ئەم دیداره لەسەرەتای ساڵانی هەفتادا لەبەغدا پێك هاتو مەبەست گفتوگۆ بوو لەسەر یەکخستنی هەردوو رێکخراوەکە. لەکۆبونەوەکەدا دوو رێباز بەدیار کەوت کە هەڵوێستی شاسوار جەلال لەگەڵ هەڵوێستی سەیدا سالح یوسفی یەکجار پۆزەتیفو سنگ فراوانو پێشکەوتنخوازانە بوو، لەئاست یەکێتییەکەی ئێمەدا دوور بوو لەدیاردەی کینەو چەوتگیری کە لەهەڵوێستی ئەندامێکی دیکەی وەفدەکەدا دەبینرا.. ئەمەش بە نیشانەی تێگەیشتووییو دوور بینی شاسوار جەلال لێکدرایەوە..

پاشان ساڵان تێپەڕبوونو لەدوای شکستییەکەی شۆڕشی ئەیلول بەساڵێك، پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی رەنجدەران پەنایان بردەوە بەر چیا سەرکەشەکانی کوردستانو، ناوی شاسوار جەلال- ئارام- لەناوچەی قەرەداغ دەکەوتە بەر گوێو، چالاکیو هەڵسوڕانی زۆر بوو.

رۆژێکیان لەبەغداو لەرۆژنامەی -بیری نوێ- جوتیارێکی ناوچەی قەرەداغ هاتە لامو گوتی دیارییەکم بۆ هێناوی، کاسێتێکی لەبەر باخەڵی دەرهێناو گوتی لەکۆبونەوەیەکی بەرفراوانی جوتیارانی ناوچەکەدا کە بۆ -ئارام- رێکخرابوو قسەی کردووەو تەواوی قسەکانیم تۆمار کردووە. پاشان گوێم لەکاسێتەکە گرت ناوبراو بۆ جوتیارەکان باسی سەرهەڵدانەوەی خەباتی چەکداریو ئامانجەکانی ئەو قۆناغەی زۆر بەچاکی دەکرد.. لەوەلامی پرسیارێکدا لەسەر هەڵوێستی ئەو کاتەی حزبی شیوعی عێراق کە هێشتا لەبەرەی ئەو سەردەمەدا مابوو قسەی دەکرد، بەداخەوە کاسێتەکە وەك هەزاران دۆکومێنت لەبەر دەستدا

نەماون، بەڵام ئەوەی لەیادم بێتو بەدەستپاکی باسی بکەم، بەمجۆرە بوو:

شەهید ئارام گوتبووی:-راست نییە حزبی شیوعی وەك -جاش- تەماشا بکرێ، ئەو حزبە نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازو خاوەن مێژوویەکی پڕ لەخەباتە.. ئەوان خاوەنی هەڵوێستن.. ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بڵێین کە هەندێ لایەنی هەڵوێستیان بەهەلەدەزانین، ئەمەش دیاردەیەکی کاتییە، ڕۆژێك دێ ئەو حزبە لەگەڵ ئێمە هاوپەیمانی نزیك بینو ئەوانیش بێنەوە ڕیزی خەباتی چەکداری لەدژی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا، چونکە بەعسی عەفلەقی لەدژی بیروباوەڕی شوعییەو ڕۆژێك لێیاندەدا-.

ئێمەو ئەوان لەرووی بیروباوەڕەوە هاوبیری ستراتیژی یەکترین.. دەبێهەوڵو گفتوگۆیان لەگەڵ بکەینو ڕێگە نەدەین لەگەڵ ئەوان بەرەنگاری یەکتر ببینەوە...-..

پاشان وتەکانی دیکەی شاسوار جەلال لەسەر بەرگری لەمافی جوتیارانو کۆشش بۆ تێگەیاندنو ڕوناکبیر کردنەوەیانو چەند بابەتێکی تری سیاسی و ئابوری ئەو کاتە بوو ، ڕۆژگاریش ڕاستیو دروستی پێشبینیەکانی ئەو تێکۆشەرەی سەلماند، زیانی گەورەش ئەوە بوو کە پاشان لەڕوداوێکی ناکاودا و دوای ماوەیەکی درێژ لەو مێژووە شەهید کرا.

لەو ڕۆژگارەوە و تا ئێستاش شوێنی ئەو تێکۆشەرەپێشکەوتن خوازە و ئەو ڕابەرە دڵسۆزە دیارە و بە چۆڵی ماوەتەوە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بێ تێکۆشەرانی وەك ( شەهید ئارام ) ی پێوە دیارە، بەڵام گەورە تێکۆشەر و بە شەهیدیش بە جۆرێکی تر ڕۆڵی خۆی هەر دەمێنێو دەبێتە ڕەمز و هێماو نموونەیەکی باش بۆ تێکۆشەران.

هەزار سڵاو لەیادی پێشمەرگەی ماندوو نەبوی ڕێگەی سەختی تێکۆشانی پارتیزانی ( شەهید ئارام ) و گشت شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.